# شەشەمین دەسەڵاتی کوردی ، بەرو لوتکەی سەربەخۆیی

## لایەنی مێژوویی سەربەخۆیی کوردستان
## و
## کاردانەوەی میراتگرانی ئیستعمار و ئیپمپریالیزم
## و
## باب نۆکەر و بەرات خۆرانیان

**کاروان سالار و پێشڕەوانی بیر و هزری سەربەخۆیی نەتەوەیی کورد و کوردستان :**






جەزیری    خانی    خانا    حاجی قادر





گۆران    قانع    بێکەس



جگەرخوێن



ئەحمەد موختار



دڵدار



هەژار



قەدری جان



کامەران بەدرخان



جەلادەت بەدرخان



قەناتی کوردۆ

خەبات و شەڕی مان و نەمانی کورد جە سەد ساڵەکەو پاشین دە سەردەم و قۆناخەک ئا نوو دەس پێکر کو تێدا هێزە نامرۆڤ و ئەهریمەنی یەل پارەپەرەستانی ئیستعمار و ئیمپریالیزم گەلاڵەی فەوتاندن و تونەکرنا کورد و تێکرای هاوشێوەکانیان داڕشت و بە کردەوە دەستیان دایە .

کوردی چارژاو و خارا بە ئاگر و خوێن ، نەوەی هەمیشە زیندوی چیا و بەندەن و دەشت و دەری زاگرۆس دە هەمبەر وان دڵ ڕەش و چاوچنۆک و دەرون نەخۆش ، سنگی داکوتا و سینگی نا بە بەر شەڕی هەمیشەیی مان و هەر بوونی هەتا هەتایی ڤەوە . شێخی نەمر ، شێخ مەحموود ، دەسەڵاتی یەکەمی پاشایەتی ساز دا . سمکۆی لەهەنگ ، خوەش مێر و مەزنێ کوردان دەسەڵاتداریا دووهەم پێک ئانی . کوردستانی سووری دەولەمەند بە پەیڤ و چاندا کوردێنی بووە سێهەم دەسەڵاتداریی کورد مینا بەر و بەهرەی خەباتی کوردێنی ژ قەفقازێ . پاش باهۆزی ئاگر و خوێن و ڕەشەکوژی ، خۆیی بوون ئاڵای دەسەڵاتداریی چوارەمینی کوردی ، کۆماری ئاگری ، ژ چیای ئاگری هەڵ دا . کوردی تەیار بە بیر و هزری بەهێز و قووڵ و خۆراگریی زاگرۆس ئاسا خەونی دوژمنی کوردان ، سەرخوەش بە زەبری ئاگر و ئاسن دە گۆڕ نا و کۆماری مهابادی وەکی پێنجەمین دەسەڵاتداریی کوردی ڕاگەیاند .

هێژ سەدەی زۆرداری و کورد قڕان و کوردکوژی کۆتایی پێ نەهات و ملی نەشکاندبوو کە ڕاپەرینە مەزن و مێژوویی یەکەی باشوور سێ تەپڵەی کاروانی نوێی ئەڕای خێڵ و هۆزی کوردیەل لێ دا . کور و کیژ و هاورێ و سەردەستە و گیان بەختکەران و شەهیدانی کاروان سالار و بەرایی و کلکە و دوایی کاروانی کوردایەتی ملی ڕیگا و ڕێکار و ڕێچکەی بەردەڵان و تژی تەنگەژەیان بەرەو لوتکەی سەربەخۆیی گرتە بەر .

ئیرۆ ، کوردیەل فرە خوەش بەرەو لوتکە دەمەشن . ئیرۆ ژ کوردان دەپرسن ، ئەرێ لالۆ ، کاکۆ ، ئابرا ، دادێ ، باڤۆ ، خزمینە ، کیژ و کورانی هۆز ، مێرخاسنۆ ، عەگیدنۆ ، کوردنۆ هونێ سەرخوە بوون دخازن ؟ ئەڤ چ پرسە ئەزبەنی ! ما نابینی کا چاڤا شاهی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک و لیستۆکا زەر و سوور و کەسک و شین ێن ئازادی و سەربەخۆیی تێکڕای کوردستانی گرتوەتەوە . کورد فرە لە مێژە وەرامی ئەو

پرسیارەی داگەسەوە و هەمیشە و هەردەم دەبێژێ ئەرێ و ئی جار ژی وەکی جاری جاران وەڵام هەر ئەرێ یە ، ما مە ژ ئاپی خوە رە فێر نەبووین کە کوردنۆ ، مەردنۆ ، پر خوشە سەر خوە بوون .

خۆشەویستی و ئەڤینا مەم ، کورد ، دە حەپس و زیندان ، ژ بۆ زین ، کوردستان ، خەمەلی یە و دێ هەر پتر و بەیتەرتەر و فرەتەرتەر بخەملە . هۆگری و گراویی کورد بە کوردستانەوە ، وەیشوومەی ئەخمەنی لە گۆر نا ، بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ و مۆرکی مادی نا بە ناوچاوانی ئەخمەنەوە . هەر ئەم ئاگرە ئاهۆرایی یە هەمیشە دائیساو و لەکوژان نەهاتووە ، هۆڤانەتی عارەبی و مەغوولی و تورک و تاتاری بەزاند و دەستەمۆی کردن . ئا ئەمەسە ناوەرۆک و کاکڵ و کۆکی مێژوویی کورد و کورد بوون و کوردایەتی ڕەسەن و سەردەمیانە و مژاری سەربەخۆیی کوردستان ، گەر کەسەک بە هەر مەبەستێک بپرسێت .

مژاری سەربەخۆیی کوردستان بەتەنێ بابەتەک مێژوویی نینە لێ بەلێ دەق درێژەی مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی شەڕ و خەباتی کورد و نیشمان پارێزی یە لە دژی نەیارانی نامرۆڤ و داگیرکار ، بە هەر ڕەنگ و ناوێکەوە . پرسی سەربەخۆیی کوردستان ، هەمان پرسی پێنج دەسەڵاتداریەکەی کوردە لە سەدەی بیستم . فرەتەرتەر لەمەیچ ، ئەم پرسە ، پرسی خانی ، خانا ، حاجی ، بێکەس ، قانع ، ئەحمەد موختار بەگی جاف ، دڵدار . هەژار ، جگەرخوێن ، قەدری جان ، بەدرخانیان ، ، مالا حاجۆ ، ماڵباتا چاچان ، ماڵباتا جەلیلی و قەناتی کوردۆ یە .

کورد هەمان کوردی سەردەمی شێخی نەمر و سمکۆ یە کە جە هەمبەر ئیستعمار و ئیمپریالیزم دا وەستان و وەپێان وتن نا لۆ هەست و خوست و ئاکار و کردەی نامرۆڤانەتان . کوردستانی سەربەخوە ژی هەمان دەسەڵاتداریی سیاسی و نەتەوەیی شێخ مەحموود و سمکۆ و کوردستانی سوور و کۆماری ئاگری و کۆماری مهابادە . لەمەیچ فرە قوویل و کوور تەرتەر ، ئەرێ ژ بۆ کوردستانی سەربەخو ، هەمان نا یە کە کوردی مادی بە ئەخمەنی عەجەمی و پاشان بە عرووبەی ئیسلامی و توورانی تورک و تاتار گوتووە . ئائەمە باری ڕوونی مێژوویی مژاری سەربەخۆیی کوردستانە . مژاری ئیرۆژی سەربەخۆیی کورد و کوردستان کۆڕپەی سروشتی و خۆزایی ێن مێژووی کورد و کوردستانە کو ژ خوراسان رە هەیا زێر و ژووری قەفقاز و لە وێندرێ ژ بۆ گشت کوردستان ، هێژ زیندووە و بە زیندویی و خۆڕاگریی یەوە درێژەی هەس .

هەر لەم پێکەیش ، کاردانەوەی میراتگرانی ئیستعمار و ئیمپریالزم هەمان کاردانەوەی سروشتی و چاوەڕانکراویی بەراتدەرانی ئێستا و پێشوویانە . وان نەیار و دوژمنێن کوردان ئەوە لۆ سەد ساڵ ئەچێ ، بە لانی کەمەوە . کە بە هەموو چتێکی کورد ئێژن نا . نای ئیخسیری و ناپاڵمیان بە شێخی نەمرەوە نا ، نای ڕەشەکوژی و تێرور ژ سمکۆ رە گوتن . کوردستان سووریان بە نا لەناو برد . کۆماری ئاگری یان دایە بەر ئاگری نا ، کۆماری مهابادیان بەردە سەر پەتی سێدارەی نا . ئەمێستا ژی نووزە نووز و لوورە لووری نایان هێژ بەردەوامە و کای کۆن بەبا ئەدەن و قەوانە شڕەی ئیستعمار و ئیمپریالم لێ ئەدەنەوە .

جا وەی لەوانەی باڵۆرەی ناسازی نای نەیار و دوژمنانی مێژوویی کورد کاوێژ ئەکەنەوە . ئەبێ مرۆڤ چەندە سووک و چرووک و نزم و نەزان و توێمەڕی بێت داکو پشت جە مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی خۆڕاگری و بەرخوەدانا مەردم کورد بکاتن . مەشخەڵی ئاهورایی کاوە و دیاکۆ چۆکی بە وەیشوومەی ئەخمەن و قورمیشکەرانیان و عارەب و تورک و مەغوول و تاتار و ئیستعمار و ئیمپریالیزم و پان عەجەمیزم و پان توارانیزم و پان عارەبزم دادا. چما دڵداری دڵدارانی کوردستان ژ ڕەقیب رە نەگوت ئەم ڕۆڵەی کێنە و ئەمێ قەت نابەزین و نامرین و ئالای ڕەنگینمان بە تۆپی دانەری زەمان ژی نایت شکاندن ، گەلۆ .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٧/٠٩/١٥